# له چاوه‌ڕوانی ئه‌نفالدا

هێمن مه‌لا که‌ریم به‌رزنجی

**بۆ . دایکم. . . بۆ . باوکم.**

-١-

ئه‌ی ولاٌته ره‌شپۆشه‌که‌م

له‌و ساته‌وه‌ی تۆیان کردۆته قاقنه‌س

منیش غه‌ریب و

ئاواره‌م.

له بیابانی (عه‌رعه‌ر) دا. .

به‌شوێن (گۆڕ) ی بزربووی خۆما ده‌گه‌ڕێم.

ئه‌مه خوایه بیدۆزمه‌وه‌و

چاوه‌ڕوانی قه‌ده‌ربکه‌م. .

ناوی خۆم و

هاوه‌لاٌنم.

له‌سه‌ر گۆڕی به‌بێ کێلمان هه‌لٌبکه‌نێ.

-٢-

بلٌێ‌ی رۆژێ وه‌کو هاوه‌لاٌنی ئه‌شکه‌وت

پاش ده‌یان سالٌ. .

که‌سێکتان بگه‌ڕێته‌وه. .

بۆ زامی دلٌی ولاٌتم. .

هه‌توان بێنێ.

بلٌێ‌ی رۆژێ عیسای مه‌ریه‌م. .

گه‌ڕێته‌وه.

به‌ئیزنی خوا چه‌ند شه‌هیدێ

به‌زیندوویی. .

له‌گۆڕه‌که‌ی ده‌ربهێنێ.

www.kurdistannet.org كوردستان نێت

ئیدی چاوەڕوانی (ئەنفال) ببڕێتەوە.

-٣-

ئاخ ! نیشتمان

لەو ڕۆژەوەی...

پەڕەی گوڵی باخچەکانی تۆیان وەران.

دەستەکانم کەوتنە لەرزین.

چاوەکانم هاتنە گریان.

ئاخ ! نیشتمان

من نازانم. .

باخەوانی باخچەکانی ئەم وڵاتە

چۆن دڵیان هات ببنە زێوان

بۆ ناشتنی تەرمی گوڵی...

باخچەکەیان.

ئاخ ! نیشتمان

ئەگەر قەدەر دەروازەی بەختم کاتەوە

هێندە دەڕۆم. .

هەرگیز . هەرگیز، نایەمەوە.

ئاخ ! نیشتمان.

٢٠٠٣/٣/١٣سلێمانی

www.kurdistannet.org کوردستان نێت